# ئەو کاتەی گوڵ دەکوژرێ

**بەمەرگی پەپوولەی عە شقی (دووعا) پێشکەشە**

**کاوە حسێن**
kawahussen@yahoo.com

**ئەی خوا چەن زەلیلە مرۆڤ , بە مەرگی زەردەخەنە پێئەکەنێ.**

**ئەی مەرگ چەن دڵتەنگی , کاتێ ژیان بەبەرچاوتەوە ئەکوژرێ.**

**ئای لەبچوکی مرۆڤ چەن نەزانە , ئای لەگەورەی تۆ (دووعا) گیان ,پێکەنینت بەعەقڵی بچوکی ئەو درندانەدا دێت.بەزەیت بە بێ عەقڵیاندا دێتەوە. (دووعا)گیان تۆ ویستت بەعەشقی پاك و خۆشەویستیت مرۆڤە دڵپیسەکان فێری میهرەبانی بکەیت ,ویستت شەیتانە دڵبەردەکان بکەیتەوە بەعەبدی خودا ,بەلأم ئەفسووس (دووعا) گیان هەزار ئەفسووس تۆ پێ ڕانەگەشتی وانەیەك لەمرۆڤ بوونمان پێ بڵێیتەوە , ئاخر (دووعا)گیان کوا درەندە گوێ لەوانەی خۆشەویستی تۆ ڕائەگرێ , ئاخر (دووعا) گیان ئەو درندانە دەبوو میهرەبانی لە سەگەوە فێربان ئەوەنیە سەگیش دڵی نایە بە جوانی و ناسکی تۆی ئافرەت بوەرێ لەئاستی تۆ هەموو درەندەیەکیش شەرمەزارەو سەر دائەخات پێیان حەیفە ڕێزت نەگرن.چونکە (دووعا) گیان تۆی ئافرەت خودای گەورە ڕیزی لێ گرتووی, ئەوەتا خودای گەورە تۆی ئافرەتی هێنایە بوون تاژیان بە ئێوەوە جوان بکات , هەربەجوانی تۆی ئافرەتیشەوەیە بانگی مرۆڤەکان دەکات بۆ بەهەشت ,بەلأم جخار مرۆڤەکان دەیانەوێ ئە م بەهەشتی ژیانەشت لێ بکەن بە دۆزەخ(دووعا)گیان.**

**(دووعا) گیان ئەوان هەرچیەیەك بن مرۆڤ نین درندەن ,بەلأم چۆن درندەیەك درەندەیەك کەتائیستاش ناوی نیە.درەندەیەك بە نەفرەت کراو لەلای مۆڤ لە لای خوداش.**

**درندەیەك هەمیشە هەڵپە ئەکات بۆناشرین کردنی جوانیەکانی ژیان,درندەیەك کە هەمیشە لەزەت وەر ئەگرێ لەڕنینەوەی پرچی گوڵەکان.**

**بنوو(دووعا)گیان بێخەم بنوو تۆ بەشەهید بوونت بووی بەڕۆمان,بووی بەچیرۆك, بووی بە نموونەیەك بۆعەشق,بۆخۆشەویستی,بۆژیان...**

**(دووعا)گیان تۆ ویستت بەشەهید بوونت بەو درندە عەقڵ نەخۆشانە بڵێی ڕاستە مرۆڤ دوای ئەوەی بەرد باران ئەکرێو ئەکوژرێ دەمرێ , بەلأم هەمیشە رووحی زیندووە بۆعەشق بۆ خۆشەویستی بۆ ژیان.**

**(دووعا)گیان من دڵنیام بەئێستاشەوە دڵت نایە دووعای شەر لەو درندە دزیوانە بکەیت , چونکە بەزەیت بە عەقڵی نەخۆشیانا دێتەوە.**

**(دووعا) گیان خۆزگە ئەو درندە عەقڵ کوورتانە, هۆشیان بەقەد تاڵێك لەدرێژی سمێڵیان درێژدەبوو,دڵنیابە ئەوسا خۆیان لەبری تۆ نەعلەتیان لەبێ عەقڵی خۆیان دەکرد.**

**ئەوان بەدوای پاراستنی شەرەف کەوتوون ,بێئاگان لەوەی خۆیان کەبێ شەرەفترین کەسن.**

**ئاخر کام یاساو کام ڕێسارێگای داوە مەرگ ڕاوی پەپولە بکات ,ئەگەر یاسای ژەنگ گرتووی ئەوان نەبێت کە هەزار سەدە لەعەڵی ژەنگ گرتوویان کۆنترە.**

**ئاخر کام ویژدان ڕێگای داوە بەڕۆژی ڕووناك بەبەرچاوی عەشقەوەخۆشەویستی ئاوەها بەردەباران بکرێ.**

**نا(دووعا)گیان تۆ نەمردووی , ئەوان مردوون .**

**چونکە ئەوان بەخیلیان بەتۆ ئەبرد , نەیانتوانی وەکو تۆی گوڵ لەپێناوی عەشقا بمرن.**

(دووعا)گیان دڵنیابە ئەو درندانە بەم ڕەفتارە دزێوەیان بەپێنووسی پڕ ڕق وتوورەی ودرندانەیان بە خەتێکی ڕەش لەسەر ڕووی سپی ژیان نووسیان ئێمە ڕسواین.